# د. هێمن عومەر خۆشناو:

## مەحوی ئەوەندە لە فەلسەفەی واتادا، ڕۆچۆتە خوارێ، بواری جوانکردنی رووخسار نەماوە و وەک دەربڕینی ئاسایی سەیر دەکرێ و چێژی ریتمە مۆسیقاییەکەشی لە خۆیدا خاڵی کردۆتەوە

بەشی یەکەم

**لەم دیدارەدا لەبارەی سۆفیەتی مەحویەوە چەندین پرسی گرنگمان لەم دیدارەدا لەگەڵ د. هێمن عومەر خۆشناو وروژاندووە، کە بەڕێزیان کەسێکە دکتۆرای لەو بوارەدا هەیە.. ئەو هەوڵیداوە بەمیتۆدی هێرمینۆتیکاوە شیعرە سۆفییەکانی مەحوی کەشف بکات.**

**ئا: هەرێم عوسمان**

**- دەتوانین بڵێین سۆفییەتی مەحوی چ جۆرە سۆفیەکە؟ چۆن دەیسەلمێنن کە سۆفیە؟ دەچێتە چ خانەیەکی سۆفیگەرێتیەوە؟**

و: سەرەتا ئێمە دەبێ ئەوە یەکلابکەینەوە، کە دەمانەوێ لە روانگەی دەقەکانی مەحویەوە مەحوی بناسین، یان لە روانگەی تەریقەت و ڕێبازە ئایینییەکانی ناو کوردستان؟ چونکە ئەوەی یەکەمیان ئەوەندەی دەق لێکدەداتەوەو بنەماکانی شیدەکاتەوە، ئەوەندە بە ئەرکی خۆی نازانێ ناسنامەیەک بۆ شاعیر دروست بکات، بەتایبەتی لەو بارەی کە شاعیرێکی وەک مەحوی لە رووی چنینەوە دەقی جیاوازی نووسیوە، حوکمدان لەسەر ئەم جیاوازییانە کەسایەتییەکی جیاوازی مەحویمان بۆ بەرهەم دەهێنێ، بۆیە بە بڕوای من دەبێ لەسەر مەدلول و مەبەستەکانی دەق بسەنگرێینەوە، جا دواتر شاعیر هەر ناسنامەیەکی بەبەردا ببڕێ ئەوا دەوەستێتە سەر جۆری تێگەیشتنی خوێنەر، نەک رەخنەگر بە زۆرو زۆرداری و بە لۆجیکی بشفرێ هەر بزنە مەحوی بخاتە پاڵ ڕێبازێک لە ڕێبازەکان.

پاشان مادەم دەقەکانی مەحوی بە تام و بۆنی سۆفییانە نووسراون و پڕن لە زاراوەو چەمک و وشە سۆفیانەییەکان، ئەوا بەڵگەی کارلێککردنی مەحوییە لەگەڵ ڕێبازی سۆفیگەری بەگشتی، لەناو ئەمەشدا روون دەبێتەوە مەحوی هەموو رەوتە فیکرییەکانی ناو مێژووی سۆفیگەری شارەزا بووەو لێکۆڵەر دەتوانێ کاریگەری زۆربەی زۆری رابەرانی تەسەووف بەسەر مەحوی بدۆزێتەوە، بەڵام لەناو ئەمانەشدا تێبینی ئەوە دەکرێ مەحوی زیاتر دانووی لەگەڵ سۆفیگەری فارسەکان کوڵاوە، رەنگە هەر ئەمەش وایکردبێ کە ئەو شیعری بە زمانی فارسی زۆر نووسیوەو لە چەند پارچەیەک کورت بترازێ بە زمانی عەرەبی شیعری نەنووسیوە، لەلایەکی دیکەش هەست بەوە دەکرێ مەحوی ئەوەندەی ویستویەتی شیعر بکاتە بیانوو و وەسیلە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، ئەوەندە نەیویستووە ناسنامە بۆ خۆی دروست بکات، بۆیە ئەگەر قووڵتریش ببینەوە روون دەبێتەوە کە لەناو خودی غەزەل و قەسیدەکانیدا روانینی جیاواز دێتەکایەوە، بەو مانایەی زۆربەی غەزەلەکانی مەحوی، خاوەنی گوتارێکی ئاڵۆزی واتایین و بڕی خوێنەر بە تەنیا بە تاکە واتایەک ناشکێ و خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێشی دەکات، کە زیاتر لە واتاکەی وردبێتەوەو هەوڵی دەستەمۆکردن و تازەکردنەوەی واتای دیکە بدات. لە بەرامبەریشدا، گوتاری واتایی قەسیدەکانی، گوتارێکی واتاداری یەک مەبەستن و مەبەستی شاعیر بە ئاشکرایی دیارە، کە دەیەوێت باس لە چی بکات. لە روونی و مەبەستەوەش بواری رەنگرێژکردنی رووخساری دەق بە جوانکاری و وشە ئارایشتەوە خۆشتر دەبێت، بەڵام هەرچی غەزەلەکانن ئەگەرچی لەوێش تارادەیەک وەک کلتورێک شاعیر هەوڵیداوە رووخساریش جوان بکات، بەڵام لەو شیعرانەی، کە مەبەستی قووڵی گەرەک بووەو پێویستی بە فرە راڤەیی و وردەکاریی تێگەیشتن هەیە، ئەوەندە لە فەلسەفەی واتادا، رۆچۆتە خوارێ، بواری جوانکردنی رووخسار نەماوەو وەک دەربڕینی ئاسایی سەیر دەکرێ و چێژی ریتمە مۆسیقاییەکەشی لە خۆیدا خاڵی کردۆتەوە، بەڵام ئەو لەناو غەزەلدا یاریکردن لە ناواخن (باطن)ی مەبەست بووە، نەک رووخسارگەراییەکە.

لێرەدا ئەگەر شیعری سۆفییانە بە شێوەیەکی گشتی وەربگرین، ئەوا جگە لە غەزەلبوونەکەش، لایەنی ناواخن (باطن) بڕبڕەی ئایدۆلۆژیاو میتۆدی کارکردنی سۆفییانەیە، هەر لەو سۆنگەشەوە، کە گەڕان بەدوای حەقیقەت، کاری سەرەکی ئەوان بووە. بەڵام نەشیان ویستووە (شەریعەت)یش وەک چەمکێکی ئایینی فەرامۆش بکەن، بۆیە هەر لە زووەوە ئەو سۆفییانەی کە بە تەریقەتەوە هەنگاویان ناوە، بۆ ئەوەی بگەنە حەقیقەت، دەبوایە تەریقەت و شەریعەتیان لێک گرێدابا، {بەتایبەتی مەحوی کە هەر شاعیرێکی سۆفی نەبووە، بەڵکو سۆفییەکی زاناش بووە، ئەنجا شاعیر بووە} لەبەرئەوەشە سەبارەت بە گرنگیدان بە مەسەلەی باتین، نەبۆتە هۆی لەبیرکردنی شەریعەت و بنەما سۆفیگەرییەکە، چونکە ڕێڕەوی سەرەکی کارکردنەکە لەناو رەوتی سۆفیگەریدا بریتی بوو لەوەی، (کە زانستی باتین (حەقیقەت) بەرامبەر زانستی ظاهر (شەریعەت) بێت)، کەواتە هەنگاونان بەرەو دۆزینەوەی حەقیقەت، دەبێ سەرەتاکەی لە واتایەکی ناواخن دەست پێبکات و هەروەک چۆن سۆفی خۆی لە رووپامایی (الریاء) و کاری رووکارییانە دەپارێزێ، ئاواش بەرەو خەڵوەتی خۆدۆزینەوەی ناخ و دەروون بچێ و بە دیوی ناوەوەی زمان و واتا بیەوێت هەنگاوەکانی شەریعەت (ظاهیر) پەیڕەو بکات و هەمووشی لەپێناو دۆزینەوەی حەقیقەتە، کە ئەم حەقیقەتەش بەشێکە لە مەعریفەتناسی سۆفییانە.

لەلایەکی تر ئەگەر مەبەستداری (القصدیە) ی شاعیر لەناو دەقی ئەدەبیدا بە روونی خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەوا نیشانەی ئەوەیە، کە ئاراستەی چنینی دەقەکە ئاراستەیەکی ئاڵۆزو تەمومژاوییە، ئەم چنینە هەڵوەستەی وای لەسەر دەکرێ، کە دیوێکی دیکەی واتایی هەیەو پێویستی بە لێکدانەوەیەکی ورد هەیە تا کۆدەکانی بکرێتەوە. لێرەدا کەڵکەڵەبوونی واتا لەناو چینی ژێرەوەی دەقدا وای لێ دەفامرێتەوە، کە گوتاری نووسەر/ شاعیر گوتارێکی نادیارەو پێویستی بە خوێندنەوەی سەرچاوە رۆشنبیرییەکانی شاعیرە، تا لەو رێگایەوە بە هۆی چەند تیۆرێکەوە بتوانرێت رەفتار لەگەڵ دەقدا بکرێت.

**- ئایا سۆفیەکی وەک مەحوی زۆر پەنای بۆ ناوەند بردووە؟ ئایا مەحوی لەو سۆفیانە بووە شیعری زیاتر لە دەوری سەنتەر(خوا)دا سوڕاوەتەوە یاخود لە دەوری بەشەکان؟**

و: بە بڕوای من ناکرێ کت و مت بە چاویلکەی سۆفییەکانی تر لە مەحوی بڕوانین، چونکە لە شیعرەکانی دا شتێک ناداتە دەست خوێنەر کە ببڕای ببڕ بیخاتە خانەیەکی تایبەتەوە، لەلایەک لەبەر فرەرەهەندی دەقەکان و لەلایەکی چنینی جیاوازیی دەقەکان، بەو پێیەی رەهەندی غەزەلەکانی زیاتر سۆفییانەیەو بە راشکاوی چەمکەکانی (خوداو رابەرو یار) ی نەخستۆتە روو، بەڵکو ئاڵۆزییەک لە تێگەیشتنی دا خۆی قیت دەکاتەوە، بە پێچەوانەوە لە قەسیدەی بەحری نوورو لە عەقد العقائیدەکەدا مەبەستەکە روونترەو ئەوەندەی مەبەستی گێڕانەوەی مێژوو و خستنەڕوووی بیروباوەڕو زانستە ئەوەندە خزمەت بە باتین و بنەمای سۆفیگەری ناکات. لەلایەکی دیکە ئەگەر عیشق بنەمای کارکردنی سۆفییانە بێت، لە سۆنگەی توانەوەی لە خۆشەویستیداو بوون بە یەک (یەکێتی بوون)، ئەوا لەناو هەموو غەزەلەکاندا زمانی عیشق زمانی سەرەکییەو ژان و ژواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری کەمتر باسی لێوە دەکرێ و هەموو ئەوینەکان بە گوێرەی پێویست بۆ نووسینی دەقەکە، دەبنە کەرەستەی شاعیر. هەرچی قەسیدەیە تایبەتمەندیی عەقڵیی پێوە دیارەو روونکردنەوەو دەرخستنی راستییە ماددییەکانە نەوەک رۆحییەکان. بۆ نموونە قەسیدەی (بەحری نوور)ی (مەحوی) کە باس لە وێستگەکانی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) دەکات، لە ژیانی مەککەو کۆچ (هیجرەت)و ئیسراو میعراج.. هتد، وەک عەقڵییەتێکی بەرجەستەو وەک گێڕەرەوەیەک تۆماری رووداوەکان بە فەلسەفییانە شیدەکاتەوە. بۆ وێنە:

**ئەگەر ئەم هیجرەتە نەبوایە دین ئەم شەوکەتەی کەی بوو**
**کە هەر کەس تێ بگا بەم دینە نەسخی جوملە ئەدیانە /لا444**

لێرەدا شیکردنەوەی عەقڵگەرایانە بۆ رووداوی کۆچکردنی پێغەمبەر(د.خ) لە مەککەوە بۆ مەدینە، وەک رووداوێکی سروشتی، لای مەحویش ئاسایی نییە، بەڵکو بە شەوکەتی ئایین بەستراوەتەوە. ئەمە راستییەکە کە هیجرەت هۆکارو ئەنجامیش سەرکەوتنی دواترە، لە ئەنجامی لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکەو دۆزینەوەی هۆکارەکە، تێگەیشتنەکە تێگەیشتنێکی عەقڵگەرایانەیەو سۆزداریانە نییە، لەبەرامبەردا غەزەل(کە زۆربەی دەقەکانی مەحوی پێک دێنێ) بەم هەناسەو بەم هەنگاوە بەرەو رووی رووداوەکان ناچێت، بەڵکو هەمیشە عیشق دەکاتە پێوەرو سنووری کارەکان و لەبەر مەینەتی و ئازارەکانی عیشق، چەقی دەقیش هەر ئەو چوارچێوەیەیە، کە دڵ دەکاتەوە سەنتەری بیرکردنەوە، نەوەک عەقڵ و عەقڵگەرایی.

کەواتە مادەم مەحوی کاریگەری



**دەقەکانی مەحوی بە تام و بۆنی سۆفییانە نووسراون و پڕن لە زاراوەو چەمک و وشە سۆفیانەییەکان، ئەوا بەڵگەی کارلێککردنی مەحوییە لەگەڵ ڕێبازی سۆفیگەری بەگشتی، لەناو ئەمەشدا روون دەبێتەوە مەحوی هەموو رەوتە فیکرییەکانی ناو مێژووی سۆفیگەری شارەزا بووە**

زۆربەی زۆری رابەرانی تەسەووفی بەسەرەوەیە، ئەوانیش لە زۆر وردەکاریدا خاوەنی تایبەتمەندی خۆیان بوون، بۆیە زۆر زەحمەتە ئەمە بەسەر مەحویدا ساغ بکرێتەوە، چونکە هەر شیعرەو خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەتە، گرفتی بەردەمی وەرگریش لە زیاتر لە پەنجا ساڵی شاعیربوونی ئەم شاعیرە ئەوەیە زانیاریمان نییە لە بارەی ئەوەی شیعرەکانی سەردەمی گەنجی کامانەن و شیعرەکانی سەردەمی پیری کامانەن، مەگەر بە دەگمەن نەبێ، کە ئەمە گرفتی گەورە لەبەردەم وەرگر دەسازێنێ بۆ ئەوەی بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر مەحوی بدات.

هەر بۆ نموونە مەحوی دوو سەبکی لە چنینی شیعردا بەکارهێناوە، کە لە راستیدا زمانی قەسیدە سەبکی خوراسانیو زمانی غەزەل سەبکی عێراقی تێدا بەکارهاتووە. شاعیرێکی وەک مەحوی هەر دوو جۆرەکەی بەکارهێناوە، بەڵام پتری شێوازێکیان ئەوە دەگەیەنێت، کە شاعیر زیاتر پەیڕەوی شێوازێکی کردووە، ئەویش سەبکی عێراقییە، بەو پێیەی کە (مەیلی دەروونیو رەهەندی روونبێژیو جوانکاریو نیگای ناواقیعیو بابەتە عیرفانییەکانو غەمپۆشیو مەعریفەی ئیسلامیو بەرزی مەقامی مەعشووقو ستایشی عیشقو گیانی زەبوونیو بڕوا بە قەزاو قەدەر.. لەناو چوارچێوەی سەبکی عێراقیدا جێگای دەبێتەوە.). بە گشتی شیعری سۆفییانە هەر لە زووەوە ئەم بابەتانەی سەرەوەی لە خۆیدا پەیوەست کردووە، وێڕای ئەوەی خودی ژیانی ئەزموونی سۆفییەکانو عاریفەکان، کەم تا زۆر نقومی ئەو بابەتانە بوونە، بێ ئەوەی دەقی ئەدەبیش بنووسن، تەنانەت لە سرووتو مەراسیمەکانی تایبەت بە خۆیان، چ بەشێوەی تاک (خەڵوەت)و چ بەشێوەی کۆمەڵ لە هەوڵی ئاوێتەبوون دا بوونە، بە تایبەتی لەرووی ناوەڕۆکی ستایشی عیشق وەک بابەتێکی کاریگەری ناو جیهانی سۆفیگەریو گەیشتن بە پلەو مەقامی مەعشووق وەک یەکێک لە ئامانجە دیارەکانیان.

هەروەها لە مەسەلەی عیشقو خۆشەویستیشدا، ئەوەی بۆتە گرفت لە بەردەم وەرگری ئەو دەقە ئەدەبییانەدا، بریتییە لە گواستنەوەی کێڵگە واتاییەکانی عیشقی مرۆڤی بۆ عیشقی خوداییو چۆنیەتی کارلێککردنو کارلێکنەکردنی ئەم دوو چەمکە لەگەڵ یەکتری، چونکە ئەگەر غەزەل وەک میراتێک بۆ شاعیرە سۆفییەکانیش مابێتەوە، ئەوا وەک چۆن پرسی خۆشەویستی رەگەزی هەرە سەرەکیو بابەتی هەرە دیاری غەزەل بووە، سۆفییەکانیش ئەم بابەتەیان وەک خۆی لە رووکارەکەیەوە وەرگرت، بەڵام بە بۆنەی هەبوونی بیری تەئویلیانە پاساوی ناوەڕۆکیان هێنایەوەو کردیانە پێوەرو لەو لۆجیکەدا جێگایان بۆ کردەوە، کە دەشێ عیشقی خودایی بە هەمان شێوازی عیشقی مرۆڤی دەربببڕدرێ، ئەگەرچی زمان تێیدا تەنگ و تەسک بێت، بەڵام دەربڕین تێیدا فراوانە. بە لای سۆفییەکانەوە هیچ بوونێک بە بێ خۆشەویستی (محبە) نییە، چونکە مەحەببەت بناغەی بوونەوەرەکانە بە پێی رێبازی ئیبن عەرەبی، مەحەببەت گەیشتنو باوەش بەیەکداکردنە، هەر تەنیا لەنێوان نێرو مێ نا، بەڵکو لە نێوان مرۆڤو شتەکانو لەنێوان مرۆڤو خالیقەکەی، بەهۆی مەحەببەتەوە مرۆڤ دەرک بە رەهەندە بێ سنوورەکەیو رەهەندە خوداییەکەی دەکات، بۆیە ئیشراقو مەحەببەت دەلالەت بە شتەکان دەبەخشنو نوورو جوانیش بۆ بوونەوەر زیاد دەکەن.

بۆیە مەحوی بایەخی بە بەشەکانیش داوە، ناکرێ ئەمە نکوڵی لێ بکرێ، هەموو بەشەکانیشی لە خزمەتی خودا داناوە، بەڵام هەموویشی بە یەک ئاست و بە یەک چنین نەبووەو لەو نێوەندەدا زانایانە بۆ چەمکەکان چووە نەک وەک عاتیفەیەکی سۆفییانە، هەر بۆیەشە بیرە رەخنەییەکانی ناو دەقەکانی گەواهی ئەم راستییانەمان بۆ دەدەن کە مەحوی هەموو ئەمانەی کردۆتە ئامڕاز بۆ گەیشتن بە حەقیقەت/ خودا.

**ـ نامەی دکتۆراکەتان لەبارەی هێرمینۆتیکای شیعرە سۆفییەکانی مەحوییەوە بوو. بە گرنگی دەزانم سەرەتا بپرسم. بۆ هێرمینۆتیک؟ ئایا دەکرێت هێرمینۆتیک بۆ تێکستە کۆنەکانیش بەکاربهێنرێت؟ هەندێک تەکنیک و هونەر هەن لە شیعری کۆندا، ئایا هێرمینۆتیک دەستەڵاتی بەسەریاندا دەشکێتەوە؟**

و: بێگومان لە پشت هەڵبژاردنی هەر چەمکێکی رەخنەیی بۆ توێژینەوەیەکی ئەدەبی، کۆمەڵێک هۆکار هەن، هەموو ئەو هۆکارانەش دەبێ گرفتێک چارەسەر بکەن و بۆشاییەک پڕبکەنەوە، ئەگەروا نەبێ دەبێتە قسەی کۆن بەباکردن و تەنانەت ناتوانێ کاریگەرییەکی وای ببێ کە هیچ نەبێ گۆمەکە بشەقێنێو بەس، بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارە هەر تەنیا بەوە بڕی ناشکێ کە بە شان و باڵی هیرمینۆتیک هەڵبدەین و تیۆرییانە قسەی لەسەر بکەین و هیچ حسێبێکیش بۆ کەرەستەی کارلێککردنەکە نەکەین، لەبەرئەوە پێش هەڵبژاردنی چەمکی هیرمینۆتیک، ئێمە پێویستمان بەوە بووە دەستنیشانی ئاریشەیەک لەناو وەرگرەکانی شیعری کلاسیک بکەین، ئەویش گرفتی تێگەیشتنە. بە درێژایی مێژووی وەرگرەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لە سەرەتاوە تا ئێستا خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقەکان کراوە، تەنانەت جیاوازییەکە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە شیعری شاعیرێکی کلاسیک بە دوو ئاراستەی زۆر جیاواز خوێندنەوەی بۆ بکرێ، ئەمە بۆ خۆی زیندوێتی و نەمری دەقەکە دەگەیەنێ، بەڵام دەبێ دانیش بەو راستییە بنرێ، ناکرێ هەردووکیان کت و مت لە راستی نزیک بن، لێرەدا دەبێ بەدوای سەرچاوەکانی ئەم جیاوازییە بگەڕێینو هەروەتر دەستنیشانی هەڵکەوتەی دەقەکە بکەین بۆ لەباری خوێندنەوەی جیاوازو جۆری چنینەکەی کە فرەتێگەیشتن دەخولقێنێ. ئەم جۆرە رامانەش پێویستی بە میکانیزم و میتۆدێک هەیە، کە بە بڕوای ئێمە بۆ خستنەرووی کەشی دەقەکان و تا رادەیەک هاوسەنگکردنی لابارەکانی تێگەیشتن، میتۆدی هیرمینۆتیک وەک میکانیزمێک دەتوانێ شانی خۆی بداتە بەر ئەم بارە.

سەبارەت بەوەش دەبێ هیرمینۆتیک بۆ دەقی کۆن بەکاربێ؟ لە راستیدا رەنگە پرسیارەکە لە روانینێکی هەڵە سەرچاوەی گرتبێ، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ لەناو بەشێک لە رەخنەگرو ئەکادیمییەکان دووبارە دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە زاراوە بێگانەکان، بەتایبەتی رۆژئاواییەکان زۆر بە تازە دەبینن، کە مێژووەکەی بۆ هزری گریکەکان دەگەڕێتەوەو ئەوەی بە دەقی کوردی زۆر کۆنیش دادەنرێ لە چوارچێوەی کلاسیک، تەمەنی ناگاتە نزیکەی پێنج سەد ساڵ لەمەو پێش و لە هۆشی وەرگری کوردیدا زۆر بە کۆن حسێب دەکرێ. لەبەرئەوە ناکرێ چەمکێک، یان تیۆرێکی بێگانە کت و مت بەسەر دەقەکەدا جێبەجێ بکرێ، بەڵکو چەمکەکە ئەگەر تازەش وەک قالبێکی زانستی خۆی نیشاندابێ، ئەوا وەک میکانیزم و کلیلێک هەندێ لایەنی تاریکی تێگەیشتنی دەقی پێ روون دەکرێتەوە، جا دەقەکە پێش تیۆریایەکە یان پا شتر نووسرابێ، گرنگ ئەوەیە وەک پشکنین دەبێ دەور ببینێ، نەک داپۆشین.



هەر لەو سۆنگەشەوەیە، کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەشماندا لە کوێ دەسەڵاتی بەسەردا بشکێ، ئەوێمان وەرگرتووە، ئەگەرچی ئەو لە فەزاگشتییەکەدا دەدویو وردەکارییەکان دەبێ رەخنەگر(لێکۆڵەر) چالاکی بکات و بە گوێرەی ئەو بناغانەی، کە هیرمینۆتیک لەخۆی گرتوون، پانتاییەکان وەک هێڵی گشتی بخوێندرێنەوەو لە نێویدا پشت بە قوتابخانەی تری رەخنەیی ببەسترێ، بۆ ئەوەی باشتر کارلێک لەگەڵ کەشی ناوەوەی دەقەکە بکرێ، کە رەنگە لە هەندێک تیۆری کۆنتردا سنوورەکە تەلبەند کرابووبێ و رەخنەگر وەک وەرگرێکی شارەزا بۆی نەبووبێ دەست بۆ هەموو راڤەو لێکدانەوەیەک ببات. لەبەرئەوە مادەم هیرمینۆتیکیش لە شوێنی خۆیدا بە تێپەڕبوونی کات قۆناغی جوداو رێبازی جودای لەخۆگرتووە، بۆیە خۆبەستنەوە بە تەنیا بە یەک لایەنی هیرمینۆتیک ناتوانێ هەموو ئەو تێگەیشتنانە لە دەقێکی شیعری کلاسیکی کوردی لەخۆیدا بەرجەستە بکات و دەسەڵاتی بەسەردا بشکێنێ، بۆیە بە گوێرەی پێویستی و سروشتی دەقەکە دەبێ پەنا بۆ میتۆدەکان ببردرێ.

**ـ بەو ئەزموونەی لە شیکردنەوەی تێکستە سۆفیگەرێتیەکاندا بە میتۆدی هێرمینۆتیک هەتانە، پێتوایە تەنیا هێرمینۆتیک بەس بێت بۆ ئەوەی لە دنیای فراوانی سۆفیگەرێتی بچینە ناوەوە؟**

و: بێگومان چوونە ناوەوەی دونیای سۆفیگەری پێویستی بە دەرگاو دەروازەیەک هەیە بۆ ئەوەی لێوەی بچینە ناو، چونکە بۆ ئێمەی وەرگر، بە بێ کەرەستەیەکی بەرجەستە ناتوانین لە سۆفیگەری تێبگەین، کەرەستەکەش هەموو ئەو کەلەپوورە مەعریفییە دەگرێتەوە، کە لە سەرەتای پەیدابوونی سۆفیگەرییەوە تا ئەم سەردەمە تارادەیەک بۆتە ناسنامەی ئەم دونیا فراوانەی کە تۆ باسی دەکەی. بە دڵنیاییەوە ئێمە وەک وەرگر جۆری تێگەیشتنمان لەگەڵ وەرگرەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی سۆفیگەرێتی بۆ کەرەستەو دەقەکانیان جیاوازە، لەوەدا هیرمینۆتیک حەق بەخۆی دەدا خۆی بە لەپێشتر دابنێ لەچاو میتۆدی تر، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە لێکدوورانە لەیەکتر نزیک بکاتەوەو چەند هێڵێکی گشتی دابنێ بۆ ئەوەی وەرگر وەک میکانیزمێک ئاسانتر بتوانێ واتایەک هەڵبکڕێنێ، کە لەگەڵ پرەنسیپ و بناغەکانی سۆفیگەرێتی تێک بکاتەوە، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی تر ئەگەر ئێمە هەر تەنیا نووسینە فیکرییەکانی رابەرانی تەسەووفیش وەرنەگرین، کە بناغەو هێڵی کارکردنی رێبازی سۆفیگەرێتیان روونکردۆتەوە، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەو شاعیرانەش بکەین، کە بە سۆفی ناسراون و یان هەڵگری فیکری سۆفیگەرین، ئەوا ناچارین لەگەڵ دەقی شیعری مامەڵە بکەین، کە ئەمەش بە دوو بار سەختی تێگەیشتن لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، بارێک کە خودی سۆفیگەرێتی هەر لە سەرەتاوە تێگەیشتنی جیاوازی هێناکایەوەو دەقی لەسەر تاک واتا کلیل نەدا، بارەکەی تریش خۆخزاندنە ناو دەقی شیعریش، کارەکە گرانتر دەکات، بەوەی شیعر خۆی پڕە لە نائاساییبوونی واتا، تێکەڵکردنیشی لەگەڵ بناغە سۆفیگەرییەکە بە دوو جار واتا لە نائاساییبون نزیک دەکاتەوە، بۆیە ناچار دەبین بۆ ئەوەی شەرعییەت بە تێگەیشتن بدرێ و رۆڵی وەرگر فەرامۆش نەکرێ، پەنا بۆ هیرمینۆتیک ببردرێ، وەک یەکێک لە میکانیزمە باشەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی سۆفییانە.

**چوونە ناوەوەی دونیای سۆفیگەری پێویستی بە دەرگاو دەروازەیەک هەیە بۆ ئەوەی لێوەی بچینە ناو، چونکە بۆ ئێمەی وەرگر، بە بێ کەرەستەیەکی بەرجەستە ناتوانین لە سۆفیگەری تێبگەین، کەرەستەکەش هەموو ئەو کەلەپوورە مەعریفییە دەگرێتەوە**

# د. هێمن عومەر خۆشناو:

# مەحوی ئەوەندە لە فەلسەفەی واتادا، ڕۆچۆتە خوارێ، بواری جوانکردنی ڕووخسار نەماوە و وەک دەربڕینی ئاسایی سەیر دەکرێ و چێژی ڕیتمە مۆسیقاییەکەشی لە خۆیدا خاڵی کردۆتەوە

بەشی دووەم و کۆتایی

ئا: هەرێم عوسمان

**لەم دیدارەدا لەبارەی سۆفیەتی مەحویەوە چەندین پرسی گرنگمان لەم دیدارەدا لەگەڵ د. هێمن عومەر خۆشناو ورووژاندووە، کە بەڕێزیان کەسێکە دکتۆرای لەو بوارەدا هەیە.. ئەو هەوڵیداوە بەمیتۆدی هێرمینۆتیکاوە شیعرە سۆفییەکانی مەحوی کەشف بکات.**



تا ئێرە بەگشتی بۆ دەقی شیعری سۆفییانە ئەمە گونجاوترین ڕێبازی کارکردنە، بەڵام کارەکە پێویستتر خۆی نیشان دەدا، کاتێک شاعیرەکە خۆی لەناو هزری سۆفییانەدا قوڵ دەبێتەوەو بۆ تێگەیشتن لە کەلەپووری پێش خۆی هیرمینۆتیک و تەئویلی ڕۆژهەڵاتی وەک میتۆدێک بەکاردێنێ. لەوەشدا وەرگر هەست بەوە دەکات شاعیر دەبێتە لێکدەرەوە (موئەویل) لەلایەک و لەلایەکی تر دەقەکەی خۆیشی وەها دەچنێ، کە بواری فرەواتایی و فرەتێگەیشتن بهێڵێتەوەو وەک ئەوەی بە خوێنەرەکانی بڵێ ئێوەش دەتوانن ببنە موئەویلێک و ئازادبن لەوەی تێگەیشتنی جیاواز لە دەقەکەی من بسازێنن، بەڵام بشزانن منیش وا لە تەئویل و هیرمینۆتیک گەیشتووم و بەم شێوەیە بەرهەمی پێشووی خۆم لێکدەدەمەوەو لێکدانەوە بۆ دیاردەکانی گەردوون دەکەم.

بۆ نموونە سۆفییەکی مەزنی وەک مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، لە چوارچێوەی شیعردا لە دیاردە ئاساییەکان رادەمێنێ و تێگەیشتنی تایبەتیان بۆ دەسازێنێ و تەئویلیان بۆ دەدۆزێتەوەو لە چەندین دەقدا هەم چنین تأویل قد جف القلم

بهر تحریض است بر شغل اهم

یان شاعیرێکی وەک مەحوی کاتێک دەڵێ:

لاڵە خۆ (مەحوی) لە وەسفی حوسنی بێچوونی نیگار

لا لە تەئویلی خەلەف، قوربانی تەئویلی سەلەف

بۆیە ناکرێ لە لێکدانەوەی قوڵی واتاو هەڵدانەوەی ناواخن و باتینی دەقدا هیرمینۆتیک بارنج بکرێ، کە وەک پێویستییەک وایە بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر چەند لایەنێکی ناڕوونی دەق. کە بێگومان ئەوەی لە میراتی سۆفییەکان بەجێ ماوە بریتییە لە دەق، بۆیە لایەنی تیۆرییەکەی سۆفیگەری ئەگەر هیرمینۆتیکیش زۆر خۆی لێ نەدا، ئەوا دەقە شیعرییەکان لێوانلێون لە بنەماکانی سۆفێتی و چنینەکەی خۆیان وا بەرجەستە کردووە، کە پڕ بێ لە ڕەمزو کۆدی تایبەت، گەڕان بەدوای واتاکانیشیان، دەبێ لەو تێگەیشتنە تایبەت و جیاوازە سەرچاوە بگرێ، کە میتۆدی تەئویل بە گونجاوی دەزانێ دیوی ناوەوەو ڕۆح و باتینییەتی دەق زیاتر بە هەندهەڵبگرێ لە چاو دیوە ئاسایی و ڕووکەشییەکە.

بە ڕەهایی، سەخت بێ، بە هۆی ئەوەی مەرج نییە دەقە سۆفییانەکان یەک تام و بۆن بدەن، بۆیە بە گوێرەی سرووشتی دەقەکە پێویستە میتۆدی بۆ بدۆزرێتەوە، جا تەئویلە ئیسلامییەکە بێ، یان هیرمینۆتیکا ڕۆژئاواییەکە، سوود وەرگرتن لە بناغەو هێلەگشتییەکانی هەردوولاش، یارمەتی دۆزینەوەی کەلێنە وردەکانی واتا دەدەات. بۆیە تەئویلی ئیسلامی لە کەشی دەقدا زیاتر مامەڵە لەگەڵ لێکدانەوەی جیاوازی دەربڕین دەکات و بە چنینە زمانییەکەی دەبەستێتەوە، هەرچی هیرمینۆتیکە ڕۆژئاواییەکەیە دیاردەو فینۆمینەکان بەگشتی وەردەگرێ و بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی ڕێبازەکە تێگەیشتنی دیکە بۆ دەق دەسازێنێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەوڵدان بۆ خستنە ڕووی جیاوازی نێوان تەئویلی ئیسلامیو تەئویلی ڕۆژئاوایی، پێویستی بە بەراوردکردنی هەردوو چەمکە، بەو پێیەی سیستەمی مەعریفی لە هزری ئیسلامی جیاوازییەکی کرۆکی لەگەڵ سیستەمی مەعریفی لە مومارەسەکردنی تەئویلی ڕۆژئاوایی هەیە، چونکە لە یەکەمیاندا لایەنی دوو سەرچاوەی تێرو تەواو، کە گەردوونو سرووشن هەڵقوڵاوە، بۆ دەستەمۆکردنی هەردووکیش تەنیا عەقڵ ڕێگایە، بۆیە دەبێ بە گوێرەی واقیعەکانیان هەردوو تەئویلەکە هەڵبهێنجرێن. ئەوەی هێرمینۆتیکای تازەش پەیڕەوی کرد، لە ڕاڤەکردنی دەقەکاندا بۆ پرۆسەی تێگەیشتن ڕۆیشت، لەوەشدا لە دانەرو دەلالەتی وشەوە بۆ وەرگرو ڕێگاکانی تێگەیشتن چوو. ئەمەش دواجار سەری کێشا بۆ ئەوەی ئەم تەئویلکردنە ببێتە بەرهەمهێنەری واتا، جا تەئویلەکە بەرهەمهێنەر بێت، یان بەکاربەر، یان کارلێککەر، بە هەر شێوەیەک بێت دەبێ ملکەچی سیستەمێکی مەعریفی بێت. لەبەرئەوە ئەگەر لە نێوان هەردوو فەلسەفەدا لەوەدا هاوبەش بن، کە تێگەیشتن بەرهەم بهێنن و ڕووی دەمیان بەرەو دەق بێت، ئەوا لە قووڵاییدا فەلسەفەی تەئویلی ئیسلامی بایەخ بە پەیوەندی بوونەوەر بە دروستکەرەکەی دەدات، هەرچی ڕۆژئاواییەکەیە زیاتر لەسەر سروشت چڕ دەبێتەوە، کە ئەمە لە فەلسەفەی کانتو بیری تاکانەییەکەی مرۆڤدا خۆی بەرجەستە دەکات، کە خودێتی وەرگر بێ گەڕانەوە بۆ پاشخانەکانو زیاتر بە مەزەندەی خۆی پێشوازی لە دەق دەکات. لەبەرئەوە دەتوانرێ لە میکانیزمی کارکردنو جۆرو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەق و بە سوود وەرگرتن لە کەرەستەکان، هەردوو تەئویلی ئیسلامیو هێرمینۆتیکای ڕۆژئاوایی تێکەڵ بکرێن، وەک میتۆدێک بەهۆی دووەمیان وردەکارییەکانی بوونی پارچە بچووکەکانی دەق بدۆزرێنەوەو کامەیان لەبار بوو بۆ هەڵهێنجانی واتا شاراوەکانی، ئەو ڕێگا بگیرێتە بەر.

ئەم خاڵی جیاوازیو هاوبەشانەی لەنێوان هەردوو جۆردا هەن، هەر لە بنەڕەتەوە لە زۆر شتدا لەیەک دەچن، بەو پێیەی لەو کاتەوەی (دەقی

## ناکرێ لە لێکدانەوەی قوڵی واتاو هەڵدانەوەی ناواخن و باتینی دەقدا هیرمینۆتیک بارنج بکرێ، کە وەک پێویستییەک وایە بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر چەند لایەنێکی ناڕوونی دەق

میتۆدەکە بەرجەستە دەکات و نیشانی دەدات، کە ئەو لەو بوارەدا شارەزایەو حەقیەتی کە وا لێکبداتەوە، بۆیە ناکرێ دەیان دێری لەم چەشنەی مەولانا هەڵوەستەی لەسەر نەکرێ:

ژکر کوکب را چنین تأویل گفت

ان کسی کە گوهر تأویل سفت

یان:

*** وەک خۆتان ئەزانن هێرمینۆتیکای خۆرهەڵاتیش یان ئیسلامیشمان هەیە، ئایا هێرمینۆتیکا ئیسلامیەکە شیاوتر نییە بۆ خوێندنەوەی تێکستی سۆفییەکان؟ جیاوازی نێوان هێرمینۆتیکای ئەوروپی و ئیسلامی چییە؟**

- ڕەنگە وەڵادانەوەی ئەم پرسیارە ڕۆحی لە دیاردەکانی بوون (وجود) گرنگی پێ دەدرێ، بەو پێیەی قورئانی پیرۆز باسیکردووە، هەرچی دووەمیانە پتر گرنگی بە لایەنی واقیعیو هەستی دەدات، لەوەدا هەردوو مەعریفەکە جیاواز دەبن، لەلایەکی تر چونکە تەئویلی ئیسلامی ڕەنگدانەوەی بەسەر ژینگەکەوە هەیە، کە لەسەر بنەمای

پیرۆز) هاتۆتە کایەوە، لەسەر دوو واتا سەنگرابووبوەوە، ئەوانیش واتای پیتی (الحرفی)، کە هی سەردەمی کۆنەو، واتای رۆحی، کە هی سەردەمی تازەیە، دواتر ئەمە بۆ واتای سیانی و چواریش تێپەڕی، کە واتای نواندنو نادیاریشی لەخۆگرت، واتا رۆحییەکەش لەوەوە هات، کە وشەکە لە رووی فەرهەنگو سیمانتیکەوە واتایەکی پڕ بە پێستی خۆی دەبەخشی، بەڵام لە رۆحەوە واتایەکی دیکەی بۆ دەسازێندرا، کە هەڵقوڵاوی ناخ و رۆح بووەو لە واتای ناراستەوخۆو واتای ئاینی نزیک بووە. راڤەکەری ئەم بارە رۆحییەش (قەشە ئۆگستین و قەشە تۆما ئەکوینی)ن، کە پێیان وابوو واتای ناراستەوخۆ هەردوو رەمزی واژەکانو رەمزی شتەکان لەخۆ دەگرێت. لە تەئویلی ئیسلامیشدا، بە گوێرەی راڤەکەرانی قورئانی پیرۆز، جۆرو چۆنیەتی تەئویلکردنەکە جیاواز بوو. وێڕای ئەوەی بە سەر دوو بەرەدا دابەش بوون، بەرەیەک دژی تەئویلو بەرەیەکی تر لایەنگیری تەئویل بوون، هەندێکیان لەنێوان تەفسیرو تەئویلیشدا جیاوازییان نەکرد، بۆ نموونە (تەبەری)، خودی تەفسیرەکەی، کە بۆ قورئان ئەنجامی داوە ناوی ناوە تەئویل، لەلایەکی تریش، هەریەک لە گروپەکانی وەک موعتەزیلەو شیعەو سۆفی.. هتد، لەبارەی جۆری تەئویلەکان بۆ حوکمی ئایەتەکانی قورئان بیروبۆچونی جیاوازیان هەبوو

ئەوەی پەیوەندی بە هەردوو زاراوەی تەئویلو هێرمینۆتیکاوە هەیە، لە سۆنگەی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری چەمکە ئەدەبیو رەخنەییەکان بەیەکترییەوە بەندیوارن، بۆیە کەم تا زۆر دەچنە ناو یەکتری. بێگومان بۆ ئەم دوو زاراوەیە، یەکەمیان وەک بارێکی زانستی، کۆنترەو خودی قورئانی پیرۆزیش، ئاماژەی پێداوە، هەرچی وشەی دووەمە لەناو رەخنەی تازەدا، لە زۆر لە ئاراستەو تەوژمەکاندا بە فەلسەفەی تەئویل، یان وردتر بڵێین تیۆری تەئویل هاتووە، کە تەئویلی واتاو دەلالەتە دیارو شاراوەکانی دەق دەکاتو لە پێشترەوە پرسیارەکانی واتا چییە؟ پێکهاتەکەی چییە؟ چۆن هاتۆتە دواندن؟ دەخاتە روو. دوای ئەوەی کە هێرمینۆتیک لە جوغزە ئاینییەکەو دەقی پیرۆزدا هاتە دەرەوە، کارلێکی لەگەڵ هەموو دەقێکی ئەدەبیدا کرد، شێوەیەک لە تیۆری میتۆدی لەخۆیدا بەرجەستە کرد، کە هەموو جۆرەکانی تەئویلی بەکاری خۆی دانا، بۆ ئەوەی بیانکاتە میکانیزمی کارکردن لەناو دەقەکاندا. لەم رووەوە خودی رەخنەگرو تیۆردانەرەکانی رۆژئاواش، ئەوەیان نەشاردۆتەوە، کە ئەم دوو چەمکە بە یەکەوە بەستراون، بە جۆرێک کەسێکی وەک (پۆل ریکۆر Poul Ricour) دەڵێ: (هێرمینۆتیکا زانستی تەئویلەو ئەگەر بمانویستایە پێناسەیەکی هەمەلایەنترو گشتی پێ ببەخشین، ئەوا دەمانگوت بریتییە لە تیۆری تەئویلی دەقەکان، هەروەک سانت ئۆگستین-یش دەڵێ: هێرمینۆتیکا واتای زانستی بنەماکانی تەئویلە، کە راڤەکەر ئەو میکانیزمانە دەگرێتەبەر بۆ خستنەرووی واتا شاراوەو نادیارەکانی دەقو لە سەختییەکانی دەقەوە دەست پێدەکات).

کەواتە وەک رێبازێکو میتۆدێکی خوێندنەوە، هێرمینۆتیکا هەمە لایەنترەو هەر تەنیا جەخت لەسەر ئەسڵی وشەکان ناکاتەوە، بەڵکو مەسەلەی واتاو بوونو پێکهاتەو چۆنیەتی هاتنە دوانو چۆنیەتی گواستنەوەی بۆ وەرگرو کارلێککردنی لەگەڵ چەمکی وەرگرتن، دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو هەموو بەربەستەکانی ناو دەق بە ئەرکی خۆی دادەنێ، کە تیشکیان بخاتە سەرو خوێندنەوەیەکی تازەیان بۆ بکات.

*** وەک خۆت دەزانیت دنیای سۆفیگەریتی پڕیە لە رەمزو نیشانەو هێما هاوکات دنیایەکە زێدەتر لەگەڵ دنیای دەرهەستی دەژی..پێتوایە جگە لە زمانی شیعر هیچ زمانێکی دیکە بتوانێت لەم دنیایە نزیک بێتەوەو بانگەشەی نزیک بوونەوە بکات؟**

- نکوڵی لەوە ناکرێ، کە قۆناغی دەستپێکردنی سۆفیگەریتی لە چوارچێوەی نووسیندا، دوای مامەڵەکردنی قوڵی سۆفییەکان بۆ قورئانی پیرۆز هات، لەوەدا کە قورئانی پیرۆز پڕیەتی لە ئایەتی موحکەم (واتا روون) و ئایەتی موتاشابیە (فرەواتا)، ئەمە بووە دەرفەتێک بۆ ئەوەی ئەو دەرگایە بکەنەوە، کە مادەم ئاسایی بێت دەقێکی پیرۆزی وەک قورئان لە هەندێ شوێندا واتاکانی بە گوێرەی تێگەیشتنی وەرگرەکان گۆڕانی بەسەردا بێ، ئەوا چنینی شیعریش بۆی ئاسایی دەبێ. پاشان بۆ ئەوەی مەبەستەکانیان لە چوارچێوەیەک بەرجەستە بکەن، کە بواری ئەوە دروست بکات، بەو پێیەی ئەوان رەمزو هێماوکۆدەکانی سەردەمی پێش ئیسلامیان بەکارهێنا، بۆ ئەوەی لە رووکەشدا وەک غەزەل بمێنێتەوەو لە ناوەڕۆکیشدا مەبەستەکانی خۆیان بەرجەستەبکەن، لەبەرئەوە بۆچوونەکە چەند راستییەکی لێ دەفامرێتەوە کە پێویستە هەموو لەسەری کۆک بن، ئەوانیش:

1 -هەموو گوتنێک یان نووسینێک، جا ئایینی، یان هەر جۆرێکی تر بێت، دەشێ ئاڵۆزی لە تێگەیشتن لەخۆ بگرێت، لەوەشدا بە گوێرەی جۆری وەرگرەکان ئاستی تێگەیشتنەکە دەگۆڕێت.

2 -رەگەزی موتەشابیەو وێکچوو لە هەر دەقێکداو بەتایبەتیش دەقی ئایینی، بوار بۆ نەمربوونو زیندوێتی دەق خۆش دەکاتو وای لێ دەکات هەمیشە وەرگر هەڵوەدای کردنەوەی گرێ کوێرەکانی واتاکەی بێت.

3 -دەتوانرا قورئان بێ ئایەتی موتەشابیە بێت، بەڵام هاتنی بەم جۆرە خۆی بۆ هەموو سەردەمەکان دەگونجێنێو خۆی لە تاک واتایی رزگار دەکاتو هەمیشە دەقەکە رەواجی زیاتری دەبێ.

4 -ئەو شوێنانەی کە ئەم جۆرە وێکچوونەیان تێدایە، سیاقەکە وایە، کە مشتو مڕ زۆر هەڵبگرن، لەوەشدا بە قازانجی ئەوە تەواو دەبێت، کە هێڵی پەیوەندی نێوان وەرگر و دەق هەمیشە لە گەرمی دەمێنێتەوە.

-5ئەم ئاڵۆزییە، دەق لە ئاساییبوون دوور دەخاتەوەو بەرگێکی نائاساییبوونی واتای بە بەردا دەبڕێ، کە دواتر سەردەکێشێ بۆ سازاندنی شیعرییەتی دەق.



دوای کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز، بەرە بەرە روانگەی جیاواز بۆ راڤەکردنی قورئان پەیدا بوونو هەموو ئەو ئایەتە موتەشابیهانە، بە درێژایی مێژوو سەرنجی جیاوازو، جاری وایە دژ بەیەکیشان لەخۆدا بەرجەستە کردووە، کە دواتر گروپی فیکریو مەزهەبی جیا جیای لێ پەیدا بووە، وەک گروپەکانی شیعەو موعتەزیلەو ئەشعەریو...هتد، ئەمە هەر تەنیا لەناو چوارچێوەی تەفسیری قورئاندا نەمایەوە، بەڵکو بۆ ناو ئەدەبیاتیش رۆیشتو لە دەقی ئەدەبیدا هەمان رێباز بۆ شیکردنەوەی ئەو دەقانە گیرانە بەر، کە نزیکن لە موتەشابیە، لەوەشدا دەقە سۆفیانەییەکان زۆرترین پشکیان لە بارەی ئاڵۆزیو وێکچوونی واتاو نائاسایی بوونی تێگەیشتن بەرکەوت. دیارترین ململانێش لەناو بۆتەی ململانێی واژە (لفظ) واتا (المعنی) دا بوو، بەڵام ئەمە ببووە پاساو بۆ تەئویلکردنی دەقو هەیانبوو لاگیری واتای رووکەش بوو، هەشیان بوو بەوە بڕی نەدەشکاو بەرەو قوڵاییو واتای باتینی دەق دەچوو. هەموو ئەمانە وایکرد کە سۆفیگەری چ لە روانینیان بۆ دەقەکان و چ لە نووسینیان بۆ دەق، هەمان ئەو رێچکە تەومژاوییە بگرن، کە کە تێگەیشتن بۆ قورئانی لەسەر بونیادنراوە، لەبەرئەوە هاتنی ئەدەبیاتی تەسەووف بەم تەرزە بیرکردنەوەو بەم شێوازە نووسینە تازەیە، بۆ ئەو سەردەم لە هۆشی وەرگر وەرچەرخانێکی گرنگ بوو، بۆ دەبەریەک راچوون لەگەڵ بنەمای تێگەیشتن، چونکە کۆمەڵێک چەمک گۆڕانیان بە سەرداهات، بەو پێیەی ئەدەب لای سۆفییەکان ئامرازێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای سۆفیایەتی. لەبەرئەوە وێڕای زاراوەی تایبەتی پۆشینو وەرچەرخانی تایبەتیش، لە ئەنجامدا گەلێک چەمکو زاراوەی تایبەت بە تەسەووفیش هاتنە کایەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی سۆفیگەری لە گەشەسەندندا چوارچێوەیەکی زانستی لەخۆدا بەرجەستە کرد.

لێرەدا دەردەکەوێت، کە شاعیرانی سۆفی مەشرەب، بۆ خۆشیان دەکرێ وەک وەرگر/ خوێنەرێکی هێرمینۆتیکی حسێبیان بکەین، چونکە ئەوان لە ئەنجامی روانینی تایبەتییان، یان تەئویلییان بۆ دەقە پیرۆزەکانو لەنێویشیاندا قورئانی پیرۆز، فێری ئەوە بوون داهێنان لەناو دەقی ئەدەبیدا بکەنو پۆشینێک بخەنە نێوان خۆیان (دەقی ئەدەبی)و خوێنەری دووەم، کە خوێنەری دەقەکانی ئەوانە، بە جۆرێک قالبی پێشووی خۆیان بەکاربێنن، لەپێناو ئاخنینی مەبەستە سەرەکییەکانی خۆیان، بێ گوێدان بەوەی هەندێ لە قالبەکان بۆ مەبەستی سۆفیگەری گونجاو نین. بۆیە شیعر لەلای سۆفییەکان هەر تەنیا حەزێک نەبووە، بەڵکو وەک چۆن شیعری فێرکردن مەبەستی فێرکردنی لەپشت بووە، بە هەمان شێوە شیعری سۆفییانەش هەڵگری ئیپستمۆلۆجیایەکی تایبەت بووەو لەو چوارچێوەیەدا پێیان وابووە باشترین دەربڕینە بۆ ئەوەی بنەماکانی سۆفیگەری تێدا بەرجەستە بێ، چونکە لەلایەک شیعر باشترین چەکی ئەو سەردەمە بووە، لەلایەکی تریش ئەو ئاڵۆزییە واتاییەی لە شیعردا هەیە، بواری ئەوە دەڕەخسێنێت کە ئاڵۆزییەکانی واتاو تێگەیشتن و لێکدانەوەی سۆفییانە لە بۆتەی خۆیدا جێی بکاتەوە. بەو پێیەی سۆفیگەری ئەوەندەی لە باتینییەت و ناواخن کار دەکات ئەوەندە بە رووکارەوە خەریک نابێ.

**شیعر لەلای سۆفییەکان هەر تەنیا حەزێک نەبووە، بەڵکو وەک چۆن شیعری فێرکردن مەبەستی فێرکردنی لەپشت بووە، بە هەمان شێوە شیعری سۆفییانەش هەڵگری ئیپستمۆلۆجیایەکی تایبەت بووە**